www.kurdistannet.org
4-2-2003 1:10

# چارەنوسی کورد و کەشتیەك. . . !!!

سەفین عومەر

پێویستە لاتان سەیر نەبێ ئەگەر خۆر لە خۆر ئاوا هەڵکا و لە خۆرهەڵاتیش ئاوابێ. یان شەو ڕووناك بێ و ڕۆژیش تاریك هەڵگەڕێ، یان شوێنە بەرزەکان پڕ بن لە ئاو و، شوێنە قووڵ و دەریا و زەریاکانیش ببن بە وشکانی، یان شێخ و مەلاکان ببن بە دیسکۆ و دیسکۆ کانیش ببن بە دەروێش و حاجی، یانیش خاوەن دیبلۆمەکان ببن بە عارەبانەچی و "امی" و نەخوێندەوارەکانیش ببن بە موحافیز و مەنسولی بەرز، یانیش بەدڵنیاییەوە دەڵێم لاتان سەیر نەبێ ئەگەر بێتو لە ئانێکا سەرجەم مردوە کۆن و تازەکانتان بە زیندووی و بە چاوی خۆتان ببینەوە و پێك شاد بنەوە.

حکومەتی هێر و هووڕی تورکیا کە لە لایەك گشت هەوڵ و کۆششەکانی لەسەر پەرینەوەیەی سنورەکەیە بۆ کەوتنە نێو یەکێتی ئەوروپا و، لە لایەکی تر لەبەر چاوی ئۆمەتی محمد و بە نوێژی نیوەڕۆ هەوڵدەدا فرت و فێڵ و تەلەکەبازییەکانی قۆناخی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا بەسەر گەلەکەماندا دووبارە بکاتەوە.

ڕاستە و ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە لە قۆناخی سەرەتای دامەزراندی کۆماری تورکیا بە شێوەیەکی یەکجار ناشیاو و نابەجێ گەلەکەمان و شێخ و سەید و میر و بەگەکانی کورد لە خشتە بران و خەڵەتێندران و، بەرەنج و کۆششی ئەوان کۆمار دامەزرا و، هەرچی شتێکی خراپ و نارێکیشە بەرامبەر بە ئەوان ئەنجام درا. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە گەلی کوردمان بەتایبەت لە باکوری کوردستان ئەم مێژووەی بە مێژووی بێ مێژووی ڕەش ڕاگەیاند و، بۆ نوسینەوەی مێژوویەکی پڕ لەسەرەوەیش بەو پەڕی لەخۆ بردووییەوە ڕووبەڕووی هەر کۆسپ و تەگەرەیەکیش بۆوە و، تاسەرکەوتنی یەکجارەکیش سوورە لەسەر بەرێوەبردنی خەبات و تێکۆشانی خۆی، وە لەبەر چاوی هەموشمان دەبینرێ کە تورکیای ڕووبەڕووی چ ڕۆژگارێك کردۆتەوە.

وەڵێ مخابن کە تورکیا نەیانتوانی بەقەد سەری دەرزیش سود لەم پەندە ئەزمونە پڕ لەشەڕ و خوێناوییە وەربگرێ، کە بۆتە لەکەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی مێژووی تورکیا وە و، ئەمڕۆش دەخوازن هەمان ئارمانج بە شێوازی تازەتر دووبارەبکەنەوە. بەڵێ نزیکەی ٩ هەفتەی ڕەبەقە تورکیا سەرەتا یاسا و دەستوری خۆی و پاشان هی نەتەوە یەکگرتوەکان و پاشان هی یەکێتی ئەوروپاشی پێشێل کردوە و، ڕێگە نادا کە پارێزەر و خێزانی بەڕێز "عەبدوڵڵە ئۆجەلان"ی سەرۆکی کوردان لەم ئاوەی دورگەی ئیمراڵی بپەڕنەوە و، چاویان بە بەڕێز ئۆجەلان بکەوێت.

بێگومان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا خاوەن ئەم لۆژیکانە بۆ پێکانی ئەم ئارمانجە پیس و بێ باوانە فێرە سیاسەتیش بووینە. واتە بۆ ئەم مەبەستە بڕوبیانوویەکی بەیەکەوە بەستراو و، بە گوێرەی تێگەیشتنی کەسانی بێ هۆش گونجاویش دەخەنە بەرچاومان و، هەروەك کوردی قۆناخەکانی ئاواکردنی کۆمار لێمان دەڕوانن و، دەخوازن بە خێزان و پارێزەرانی سەرۆك ئۆجەلان بڵێن، کە هۆی نەپەڕینەوەتان لە ئاوەکە بۆ لەکار کەوتنی ئەو کەشتیەیە دەگەڕێتەوە کە بۆتان تەرخان کراوە.

لە لێدوانەکەی دوێنێی پارێزەری بەڕێز ئۆجەلاندا "ئایسەل توغلۆك" کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپۆتامیای ڕاگەیاندبوو، دوپات کرایەوە کە هەر لەئێستاوە با مشووری کەشتی بخۆین و، پێویستە بە پلەی یەکەم بەرپرسیارانی دەوڵەت خەمی ئەم کێشەیە بخۆن. ئایسەل تۆغلۆك هەروەها ڕای گەیاند کە لەم ڕوژانەی دواییدا داخوازەکەیان پێشکەشی وەزیری داد "جەمیل چیچەك" کردوە و، ئەویش دەڵێ بەپێی بودجەی وەزارەتی داد ناتوانێت کەشتی نوێ بکرێت و، وەبیری هێنایەوە کە بەهای کەشتیەکە بە پارەی تورکیا "١" تریلۆن لیرەی تورکیە. . .

سەرەتا وەك گوتمان تورکیا تاوەکو ئێستا بەچاوی ساڵانی ١٤ کان چاو لە گەلی کورد و خەباتەکەی و سەرۆکایەتیەکەی دەکا و، پاشانیش هەر خۆی ئابڕووی خۆی بردووە. چونکە لە ڕاستیشدا کە مرۆڤ لە تەلەفزیۆنیەکانی تورکیادا سەیری بەرنامە و دۆکۆمێنتی تایبەت بە گەشت و گوزاری سەر دەریا و هێزی بەرگری دەریاییش دەکا، ئەوا مرۆڤ هەست دەکا کە تورکیا لە بواری هاتووچۆو بەکارهێنانی دەریادا چەندە لە زۆر وڵاتانی ئەوروپاش لە پێشترە و، لە هەر فیلم و دیمەنێکی سەر دەریای تورکیاشدا مرۆڤ ئەم ڕاستیە باش هەست پێدەکا. ئەمەو ئەگەر لە کەلێنێکی کەوە پرسیار لەخۆشیان بکرێ خۆ دەڵێن:" تورکیا یەکەم وڵاتی گەشت و گوزاری دەریا و کەناری دەریاییە لە جیهاندا، وە سەرجەم پێداویستەکانی میوانانی چارەسەر کردوە و دەرگای تورکیا بۆ میوانان کراوەیە" ئەمە و هەرچەندە کۆمپانیاکانیان ڕەکلام و پڕوپاگەندەی ئەم خاڵەش هەردەکەن.

بەڵام وەك بینرا چۆن گاڵتە و یاریمان پێ دەکەن و دەوڵەتێکی زل و زەبەلاح کە بەهۆی کێشەی گەلی کورد دەناڵێنێ و، ئەم ڕۆش بەگشتی ئەم کێشەیە لە کەسایەتی سەرۆك ئۆجەلاندا کۆکراوەتەوە و، گەلەکەمان بەشەو بەڕۆژ هاوار هاوار یانە بەدروشمی "بژی سەرۆك ئاپۆ"

www.kurdistannet.org

و"بەگیان بە خوێن لە گەڵتاین ئەی سەرك" و"بێ سەرۆك نامەشێ" و "سەرۆكی ئێمە هەر شتێكی ئێمەیە" لە كوچەو خیابانەكان وەربووینە، كەچی توركیا ئەم كێشەیەی گەلی كود و تورك و ناوچە بەگشتی بە كەشتیەكەوە گرێدەدا كە بەهاكەشی "١" ترلیۆن لیرەی توركیە.

**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

كوردستان نێت www.kurdistannet.org